# زمانی خوێندن ونوسینی ڕەسمی ئیستاندارد بۆ کورد

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ ئەمرۆ کە گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا ئاسۆیەکی روونی لە پێشەو کوردستان بەرەو رزگاری هەمیشەیی دەروات و پێم وایە کە گەلی کوردیش زۆری نەماوە وەك تەواوی گەلانی جیهان مافی چارەنوسی خۆی لە دەستی خۆیا بێت، ئەگەر لە ڕابوردوە تالەکانمان پەنمان وەر گرتبێت، جا لەم کاتە دا گەلێ کاری گرنگ هەیەو ئەرکی سەر شانە بۆ هەموو کوردێکی دلسۆز بە خاك و نەتەوەکەی خۆی بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسیارانی هەرێم لەم ڕۆ ڕا دەبێ گەلێك زێتر لە جاران هەولی لە ناو بردنی هەموو کێشەکان و نەمانی گیر و گرفتەکان بەوپەری زانینەوە بدەن و بە هۆی پسپۆڕان و شارەزایان لەو بوارانەی کە دەبێ چارە سەری بکرێن و تا ئێستاکە چارە سەری نەکراون و بە زیانی گەلی کورد ماونەتەوە، دەبێ هەموو لە هەموو هەولی سەر خستنی ئامانجە پیرۆزەکان و دۆزینەوەو ڕێگا چارەسەر یەکان بڕیاریان لە سەر بدرێت و گرفتەکان پشت گوێ نەخرێن و لە بیر نەکرێن، زۆر شت هەن کە بە شێوەیەکی زۆر ساکارانە سەیریان دەکرێت، کە لە راستی دا ساکارانە نین و زۆر زۆر گەورەو گرنگن بۆ بەرەو پێشوەچونی گەلی کورد و کوردستان، کێ بێ ئەوە نەزانێ کە تەواوی میللەتانی جیهان لە ناو خاك و نیشتمانەکەی خۆیان دا لە هەموو کات و شوێنێك دا زمانی رەسەن و ئیستانداردی رەسمیان هەیە وتەنیا یەك زاراوەشە، رۆژ لە دوای رۆژیش زمانەکەیان زێتر پەرە پێدەدەن و لە قوتابخانەکان و دەزگاو و هەموو شوێنێکیان دا بەکاری دێنن و تەنیایەك زاراوەی رەسمیان هەیەوبەس، ئەوشیان وەك کیانێکی میللی خۆیان پاراستووەو کەسێکی تر مافی ئەوەی نیە کە دەسکاری لە گۆڕینی ئەو زاراوە بڕیار لە سەر دراوەیان بکەن، کەس مافی ئەوەی نیە کە لە هیچ بوارەێکەوە بۆ بەکار هێنانی زاراوەیەکی تر بە شێوەی ڕەسمی بۆ خوێندن و نوسین بە کار ببەن جگە لەوەی کە بڕیاری لە سەر داروە، ئەمەش دەبێ دەسەلاتی کوردی ئەنجامی بدات و بی سەپێنێ و بیپارێزێ، شتێکی ڕوونیشە کە میللەتانی دونیاش وەکو کورد خاوەن زاراوەی جۆراو جۆرن و بەلام ئەوان زاراوەیکیان هەل بژاردووەو کردویانە بە زمانی رەسمی گەل و نیشتمانیان و هەموو کەسێ بەم زاراوەیە دەخوێنێ و دەنوسێ و تەنیا یەك شیوە زاراوەو ڕێنوسێکی سەرتاسەریان بۆ بەکار هێنانی خوێندن و نوسینەکانیان هەیە کە ئەمەش بۆ خودی هەر میللەتێك نرخێکی گرنگی خۆی هەیە و دەش بێ هەر ئاوا بێت، جا ئێمەی کوردیش لەم بوارەوە دەبێ بەو شێوەیە هەنگاو باوێین، خۆ بوونی یەك شێوە زاراوە و بوونی رێنوسێکی بڕیار لە سەر دراو لە لایەن کۆری زانستی هەر میللەتێکەوە ئەرکێکی پیرۆز و پڕ لە سەربەرزیە، دەبێ ئێمەی کوردیش لەم بوارەوە هەر ئاوا هەنگاو باوێین و هەر ئاواش بیر بکەینەوەو هەر هەنگاوێکی تر لەم بارەوە زیانێکی گەورەیە، پێم وایە کە ئەم گیرو گرفتەو ئەم کێشەیە ئەگەر لە بیر بکرێ و زوو چارەسەری نەکەن و ئەم کارە ئەوەندە بە گرنگ هەلنەگرن و هەر کەسە بۆ خۆی بە بۆچونەکانی خۆی بریارێ بدات و شیوە زاراوەکەی خۆی بۆ زمانی رەسمی لە دەڤەرەکەی خۆی دا بە کار بێنێ ئەوا دەبێ بە کارەساتێکی گەورە و سبەی ڕۆژ زۆر درەنگ دەبێ و زیانێکی گەورەیە، ئێمەی کوردیش ئەمرۆکەوا خەریکە وامان لێ بێت و زۆر بە سادەییەوەش بیری لێ دەکرێتەوە، من پێم وایە ئەو جۆرە بۆچونانەی کە دەیانەوی و زۆر جاریش باسی لێوە دەکەن کەدەلێن قەیدی ناکات با هەر ناوچە بە زاراوەی خۆی بنوسێ و بخوێنێ ! ! ! من پێم وایە کە ئەم بۆچونانە ژەهرێکە لە ناو گەلی کورد بلاو دەکرێتەوە و بە بۆ چونی من زیانێکی زۆر زۆر گەورەیە و ئەگەر بۆیان لوا ئەوسا دوا رۆژ دەردەکەوێت کە چە زیانێکی مەزنی هەیە، ئەم کارەو ئەم بۆ چونانە پێم وایە کە زیانێکی پر نەکراوەیە لە میللەتی کوردی دەدەن، ئێمەی کورد کە ڕاستە هەتا ئەمڕۆ کیانێکی میللیمان نەبووەو هۆکارەکان زۆری دەگەڕێنەوە سەر نەبوونی ئەم قەوارە میللیەوە کە هەمیشە لە ژێر چنگی داگیرکەرە درندەکان دا بەوپەری نامرۆڤایەتی و بێ ئازادی و دوور لە ژیانێکی رەها و سەربەست و بێ سەر بەخۆیی کراوین و هەمیشە چەوساینەوەو هەموو کەلتورو نەریت و فەرهەنگێکی میللیشمان لێ دزراوەو بە دەردێکیان بردووین کە مرۆ نکاری وەك ئەو هەموو جنایەتانەی کە بە رامبەر گەلی کورد کراوە باسی لێوە بکاتن، گەلی کورد کە بۆ خۆی خاوەن نیشتمانێکی رەنگین و دەولەمەند و خاوەن دەها زاراوەی جیا جیای خۆیەتی و زمانێکی پاراوەو پڕ لە وشەی یەك ماناو جۆراو جۆر و جوان و لە باری خۆی بۆ هەرشتێ هەیە و لە گەل ئەو هەموو زولم و زۆرداریەی رۆژگارانیشی کە داگیر کەران بە سەر کوردیان دا سەپاندووە کورد توانیویەتی کە هەتا ئەمرۆکە زمانە شیرینەکەی کوردی خۆی بپارێزی، تازی و تورك و فارس لە گەل ئەو هەموو پەلامارو هەول و تەقەلایەشیان بۆ توانەوەی کورد نەیان توانیوە کە ئەو زمانە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
21/07/2003 22:06

شیرینەمان لە ناو بەرن و مۆرکی رەسەنیەتی و بنەمای هەرە گرنگی میللیمان بتوێننەوە، ئەمەش بۆ خۆی جێگای شانازی و سەر بەرزیە کەمیللەتی کورد هەتا ئەمرۆکە توانیویەتی یەکێ لە بنەماکانی هەرە مەزن و گرنگەکانی میللی خۆی کە زمانەشیرینەکەیەتی بیپارێزێت جێگەی سەر بەرزیە، ئەمرۆ کە ماوەی چەند سالێکە لە کوردستانی باشوردا گەلی کورد لە گەل هەموو کەم و کوریەکانەوە خۆی خاوەنیەتی خۆی کردووەو تا رادەیەکییش سەرکەوتوانە ماوەتەوە و توانراشە کە گەلێ لە هاکارو درندایەتی و مال وێرانی و خا پور کردنی کوردستان لە گەل ئەم هەموو گیرو گرفتانەش کە هەن هەندێ لەچارە سەریەکان چاك بکات و ئەنجام بدات و کوردستانی ژێر بۆمبا و هێرشی نارەوای داگیرکەران بە هەموو جۆرە چەکێکیانەوەو تەنانەت بە گازی ژەهراوی سیانیدو خەردەل و سارینیشەوە کەمێ بەرەو پێشەوەببات ودەبینین وا گەیشتۆتە ئەمرۆکە و ئەوەی کە لە توانای کورد دابێ واکراوە و نیشتمانەکەی خۆی بە هەموو کەم و کوڕیەکانەوەکەمێ ئاوەدان کردۆتەوەو هەولی هەموو کەم و کوریەکانیشی بە پێی توانا داوە، دەشبینین کە ئەمرۆی کوردستان گەلێ باشتر و جیاترە لە سالانی ژێر دەستەی داگیر کەرە درندەکان و تەنانەت لە زۆر وەلاتانی کە سالەهاشە کیانیان هەیەو لە دەورو بەری کوردستانن لە زۆر رووەوە باشترین، بەلام ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە کە دەبینین لە بارەی رێنوسی زمانە شیرینەکەمان گرنگیەکی ئەتۆ نەدراوە کە بتوانن ئەم گیرەو کێشەیە بە تەواوی بن بر بکەن و هیچ نەبێ بریارێ بدەن کە زمانی رەسمی گەلی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی باشوردا ناوی لێ بنێن و شێوە زاراوەیەك بۆ پێ نوسین لە تەواوی دەڤەرەکانی ژێر دەستی کورددا دابنێن و هەنگاوەکانی تر بە هەلەو خراپ دابندرێت و کورد تەنیا ماف هەبێ کە بەو زاراوەیەی کەبریاری لە لایەن کۆرێکی زانستی کوردیەوەلە سەردراو، بنوسێت و بخوێنێت و زمانی رەسمی بێت و جگە لەوەش زۆر جاران دەبینین زمانی عارەبی رەسمیەتی خۆی لە ناو خاکەکەمان دا هەر ماوە و لە لایەن زۆر کەسەوە وەك زمانی باوك و باپیری بە کاری دەبات کە ئەمەش دەبێ گەلێکی لە سەر بنوسرێت و لێکۆلینەوەی زۆری لە سەر بکرێت، کە زمانی کوردی یەك زاراوەیی وەك رەسمیەتێکەو لە کوردستان بۆ هەمیشە دابین بکرێت، بە کار هێنانی زمانی عارەبی لە لایەن گەلێ لە لێ پرسراوان و لە زۆر شوین و نوسین دا بۆ وتارێکی تر لێی دەگەرێن.

من دەلیم زۆر زۆر جێگەی داخەو کە دەبینین هەندێ لە ماموستایان پێیان وایە کە هیچ عەیبێکییشی تیا نیە کە کورد بە یەك زاراوەش نەنوسێت و نەخوێنێت و هەردو زاراوەکەی کوردی هی خۆاروو سەر و بە یەکەوە ببنە زاراوەی رەسمی دەولەت و بە هەردو شێوە بنوسرێت و بخویندرێت، من پێم وایە ئەم جۆرە رایانە هیچ خزمەتێك بە گەلی کورد ناکات و بە پێچەوانەوە دەبێتە زیانێکی زۆر زۆر گەورەو کورد لیك دوور کردنەوەو جیاکردنەوە هەروەك کە خاکەکەمان لەت لەت کراوە ئاواش زمانەکەشمان پارە پارە دەکرێت، من پیم وایە دەبێ بە هەموو شێوەیەك رێ لە چەسپاندنی ئەم بۆ چونانە بگیرێت و رێگە نەدرێت کە لەم بوارەوە هیچ هەنگاوێ باویژرێت و ئەنجام بدرێت، پێم وایە بە بۆچونی من ئەم بۆ چوونانە کە ئیستا لە ئارا دایە و هەولیشی بۆ دراوەو دەشدرێت وجێ بەجێش کراوە خزمەت بە کورد ناکات و گەورەترین زیانیش دەبەخشێت و پاشانیش چارە سەر کردنی ئەم کێشەیە زۆر تال و ناخۆشتر دەبێت، من پێم وایە ئەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە کە مەرج نیە کورد بە یەك زاراوە بنوسێت و بخوێنێ و دەکرێ کە یەك زاراوە زمانی رەسمی میللی کورد نەبێ! ! ! هەلەیەکی زۆر زۆر گەورە دەکەن و بەم کارەشیان گەلی کورد پارچە پارچە دەکەن و هەروەك خاکمان لەت لەت کراوە ئاواش زمانەکەمان لەت لەت دەکەن و گیر وگرفتەکانمان بۆ زیاتر دەکەن، من پێم وایە دەبێ ئەمرۆکە لە هەموو سات و کاتێك دا زیاتر هەول بدرێت کە بۆ دروست بوونی رێنوس و شێوە زاراوەیەکی کوردی رەسمی کە بە تەنها ئەو شێوە زاراوەیە لە سەرتا سەری کوردستان دا بچەسپێندرێت و گەلی کوردیش وەك تەواوی میلللەتانی جیهان خاوەنی یەك شێوە زاراوەی نوسین و یەك رێنوس بێت و هەر لەم ڕۆوەڕا کاری بۆ بکرێت کە بوونی زاراوەیەکی ڕەسمی لە تەواوی کوردستان دا بچەسپێندرێت، دەبێ بۆ ئەم مەبەستەش لە تەواوی کوردستان دا لە هەموو ئەو شوێنانەی کە کورد خۆی دەسەلاتی بە سەرا دا دێت ئەنجام بدرێت و هیچ کەسێ مافی ئەوەی نەبێ کە دەسکاری ئەم بریارە گەورەیە بکات و لە خۆیەوە شێوەیەکی رێنوس و شیوە زاراوەیەك بکا بە زمانی رەسمی خویندن و نوسین، ئەم کارە ئەگەر ئەمرۆ بە شێوەیەکی زانستیانە بیری لێ نەکرێتەوە و چارە سەری نەکرێت و ئەم جۆرە بۆ چونانە بۆ هەمیشە بن بر نەکرێت کۆڕی زانستی کوردی دانەمەزرێت، پێم وایە کە سبەینێ زۆر درەنگە و زمانە شیرینەکەشمان لەت لەت دەکرێت و لێکمان جیا دەکەنەوە، من بە هەموو ئەو ماموستا بەریزانە دەلێم کە خویندن و نوسینی کوردیش وەك تەواوی میللەتانی جیهان دەبێ بە یەك زاراوەبێت و بۆ بریاردانی ئەمەش پیویستیمان بە کۆری زانستی کوردی هەیە و کەسێکی تر مافی ئەم بریارانەی نیە کە بیدات، هەر لەم ڕۆوە ڕا دەبێ پەرلەکانی کوردستان ئەم بڕیارە بدات و دامەزراندنی کۆڕی زانستی کوردی دابمەزرێت، هەر بۆ چونێکی تر لەمە زیاتر

زیانێکی گەورەی میللیمانە، گەلی کورد دەبێ‌ ئەمڕۆ بە تەواوی هەولی دروست بوونی کۆڕی زانستی کوردی بدات کە لە هەموو ماموستاو زمانەوانانی تەواوی زاراوەکان لە سەرتا سەری کوردستان دا پێك بێت و زمانێکی ئەستانداردی کوردی بە مانای وشەوە بریار لە سەر شێوەی زمان و رێنوسی رەسمی کوردی بدرێت، گەلی کورد لەم هەموو گیرو گرفت و بۆچونە ناراستەکان رزگار ببێ‌ و کوردیش ببێ‌ بە خاوەنی زمانێکی پاراوەو رەسەن و ئەستاندارد، جا مەرج نیە بریار لە سەر کامە شێوەی زاراوە دەدرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کۆڕی زانستی کوردی باوەڕ پێکراو و بریاری لە سەر بدات و چارە سەری ئەم کێشەیە بکات و زمانی کوردی لە پچر پچر بوون و لەت لەت کردن بپارێزێت و بە شیوەیەکی زانستیانە ئەم کارە میللیە ئەنجام بدرێت و کوردیش ببێ‌ بە خاوەن زمانی رەسمی خۆی و ئەم هیوایە مەزنە وەدی بێت، ئەمەش ئەرکێکی میللیە بۆ هەموو کوردیك و ماموستایەك کە لەم بواردا بە پێی تواناوە هەولی سەرکەوتنی بدات.

## زمانی کوردی ئەحمەد دەشتی



زمـــانی کــوردی هەر دەپـارێـزم
هەســت و بیرمە پەیڤی گشت هۆزم
دەبێ‌ زمانی رەســمیم کــوردی بێ‌
گشت تیی بگەن وکوردی پەتی بێ‌
خوێندن و نوســـین بە یەك زاراوە
دەبێ‌ بریاربێ‌ ببتە ســـــەرچاوە
دەبێ‌ هەموومان لە یەکتر بگــەین
زمانی کوردی شـــــــیرینتر بکەین
وەکو میللەتــان رێنوسمان یەك بێ‌
خوێندن ونووسینمان یەك زاراوەبێ‌
نابێ‌ زمانـــمان لەت لەت بکــرێتن
وەك کوردســتانمان جیاجیا بکرێتن
کوردی زمـان و هەســـــت و بیرمە
کوردی ســـەر چاوەی ئەقلی ژیرمە
دەبێ‌ یەکپارچەو یەك شــێوە بێتن
گەر لەیەك نەگەین ســـودی نابێتن
لە هەموو شوێنێ‌ زمــانی کــوردی
دارێژین وشەی ڕەســـەنی کــوردی
لە گشــت مەجلیس و باس و وتارێ‌
بە کوردی بێـــژین لە گشت بــوارێ‌
بۆچی زمــانی کــوردی پێشنەخەین
کوردی شیرینی خۆان وەسەر خەین
با بلێـــــــین بژی زمـانی کـــوردی
ســـەرکەوێ‌ وشەی ڕســـەنی کوردی

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.